## The Kurdistan Missionary

" کوردستان میشنێری گۆڤارێکی ئینگلیزییه له ماوەی ساڵانی ١٩١٠ تا ١٩٢٨ له شاری "میناپۆلیس"ی ئەمریکا دەرچوه و پاشان ناوەکەی گۆڕاوه . بڵاوکەرەوەی گۆڤارەکه میسیۆنێکی مەسیحی لوتری بوو که له ساڵی ١٩١٠ هەتا ١٩٣٨ له شاری ساباڵغ نەخۆشخانەی دامەزراندبوو و بۆ پەرەپێدانی ئایینی مەسیحی چالاکی دەکرد. ناوی میسیۆنەکه ئاوابوو:

The Inter-Synodical
EV. Lutheran Orient Mission. Society

گۆڤارەکه زانیارییەکی زۆری سەبارەت به ژیانی خەڵکی ساباڵغ و موکریان تێدایه. ئەو دێڕانەی سەرەوەم له سەرەتای وتارێک وەرگرتووه که بەڕێز د. ئەمیری حەسەنپوور بۆ لێکۆڵینەوەی هاوبەشی خۆی و بەڕێز کاک حەسەنی قازی له گۆڤاری گزینگدا بەناوی "بەسەرهاتی دوکتور مستەفای قازی" یەوە نووسیویەتی .[١]

سەبارەت بەو گۆڤارە، پێشتر له ساڵی ١٩٨٧ دا کاک ئەمیر وتارێکی دیکەشی به زمانی سوێدی نووسیوه که من چاوم پێی نەکەوتوه، بەڵام کتێبی کوردستان له سێبەری مێژوودا- نووسینی خاتوو سوزان مێیزەلاس پێنج لاپەڕەی تەرخانی وێنه و هەواڵی ئەو گۆڤارە کردووه (لاپەڕەی ١١٤ تا ١١٧).[٢]

ئەوگۆڤارە، گەنجینەیەکی بەنرخی هەواڵ و توێژینەوەیه لەمەڕ خاڵکی مەهاباد و پاشماوەی موکریان و دەبێ گەلێک بابەتی سەبارەت به بۆکان و گوندەکانی دەوروبەری تێدا گردوکۆ کرابێت . ئەو سەرچاوه بایەخداره له هیچ سەرچاوەیەکی کوردیدا باسی لێوه نەکراوه و کەڵکی لێ نەبینراوه . هیوادارم توێژێنەرانی گەنجمان لێی غافڵ نەبن و شوێنی بگرن . کاک ئەمیر واهەیه بتوانێ به باشی یارمەتی دۆزینەوەی ژمارەکانیمان بۆ بدات ئەگەر داوای لێ بکرێت . به گوێرەی نووسینی خۆی، کاک ئەمیر چەندین ژمارەی گۆڤارەکە(یا کۆپی ئەوان)ی لەبەر دەستدایه .

سەرچاوەکانی ئەم وتاره :

١) ئەمیری حەسەن پوور و حەسەنی قازی،
بەسەرهاتی دوکتۆر مستەفای قازی، گۆڤاری گزینگ، ژماره ١٤، زستانی ١٩٩٧، چاپی سوێد، لاپەڕەی ٤١ تا ٤٦

٢)
Susan Meiselas,
Kurdistan in the Shadow of History,
Randon House, New York, ١٩٩٦,

PP. ١١٤ – ١١٧

* تایبەتمەندیی وتارەکەی د. ئەمیر بە زمانی سوێدی

Amir Hassanpour, „Kurdistan Missionary unikt historist dokument, Svensk-Kurdisk Journal, Nr. ٨, ١٩٨٧ , ١٦ – ١٧